سەماحەتی حەکیم پیرزبایی جەژنی لەدایك بوونی مەسیح دەکات و بەیەکەوە ژیان و هاریکاری لە عێراق دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی کڵێسای ئارسۆزەکسی کەنی کرد بە ئەوەی پیرزبایی خۆی ئاراستەی پێکهاتەی کریستیانەکان و گەلی عێراقی و مەسیحییەکانی هەموو جیهان بکات، سەماحەتی هیوای خواست جەژنی دایك بوونی گەورەی مەسیح ببێتە هەکاری پتەوکردنی پێوەندییەکان لە نێوان ئەو پێکهاتەیە و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی گەلی عیراق.

لەمیانەی گوتەیەکیدا سەماحەتی حەکیم گوتی " پێیامە ئاسمانییەکان هەڵگری بەها و نموونەی مرۆڤایەتین، ئەو بەهایانەش پێوەندی لەگەڵ خودای گەورە بەهێز دەکات، هەروەها ئاماژەی بەو ڕکابەریانە کرد کە عێراق پێیدا تێپەڕ بووە و ڕوونی کردەوە کە عێراق ئێستا سەقامگیری لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کەمەڵایەتی و ئەمنی هەیە و جگە لەوەش هەمەتی ئاودانکردنەوە و گەشەپێدان لە عێراق هەیە لەو قۆناغەدا، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەوەی لە عێراق بەدی هاتوە هەمووی بەهەی نزا و فرمێسك و قوربانییەکانی گەلی عێراق بوو کە هەموو پێکهاتەکانی پێشکێشیان کرد.

هەروەها سەماحەتی حەگیم باسی سروشتی دەخی گەلانی فەلەستینی و سووری و لوبنانی کرد و هیوای سەپامگیری و ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی بە خواستن و گوتی هیوادارم ئەو وەاتانە بتوانن سەرپەرشتی گەلەکانی خۆیان بکەن و هیواکانیان بە داهاتوو بەدی بهێنن.